باوەڕکردن بە بەڵێنی خودا باوەڕداران وا لێدەکات بە متمانەوە نوێژ بکەن وچاوەڕوان بن بە متمانەوە .

مەتا ٦: ٩- ١٠ ؛ ١٨: ١٩ ؛ لۆقا ٢٢: ٤٢ ؛ یۆحەنا ١٤: ١٣؛ یاقوب ٤: ١٥ بخوێنەوە .

هەروەها بڕوانە عیبرانیەکان ٧: ٢٥ ؛ ڕۆما ٨: ٣٤ ؛ عیبرانیەکان ٤: ١٦ ؛ یۆحەنا ٨: ٣- ٥ .

٤. خوداوەند عیسای مەسیح لە کۆتاییدا حوکم دەدات بەسەر شەیتان وهەموو ڕۆحە بەدکارەکان .

بینین ١٦: ١٣- ١٦ ؛ ٢٠: ٧- ١٠ بخوێنەوە .

پاشکۆی ٢

فریشتە و جەنگی ڕۆحی

کتێبی پیرۆز چیمان فێر دەکات لەبارەی فریشتەوە ؟

خودا کار دەکات لە ڕێگەی مەسیح و ڕۆحی پیرۆزو کتێبی پیرۆز و باوەڕدارانەوە "کڵێسا" بەڵام لە هەندێ بارودۆخی تایبەتدا هەروەها خودا کار دەکات لە ڕێگەی فریشتەکانیەوە . لەم پاشکۆیەدا پێناسی فریشتەو پەیوەندیان بە عیسای مەسیح و ئەرك و کاری تایبەتمەندیان بە باوەڕدارانەوە باس دەکەین .

أ. فریشتە

١. سروشتی فریشتە .

فریشتە ١٠٨ جار لە ١٧ سیپارەی پەیمانی کۆن و ١٦٥ جار لە ١٧ سیپارەی پەیمانی نوێدا هاتووە .

وشەی فریشتە لە زمانی عیبریدا "مەلاخ " وە یۆنانی " ئەنگیلوس" واتە "نێردراو" یان "نێردە" .

کاتێ خودا جیهان و بەدیهێنراوانی بەدیهێنا ، هەروەها جۆرەها فریشتەی بەدیهێنا . فریشتە بەدەستەکانی مەسیح بەدیهێنراو بۆ مەسیح ، واتە بەدیهێنران بۆ هاتنەدی خواستی مەسیح (کۆلۆسی ١: ٦ ؛ عیبرانیەکان ١: ١٤) . وە فریشتەکان ناو دەبرێن بە "ڕۆڵەکانی خودا " چونکە خودا بەدیهێناوە . وەك چۆن باوەڕداران ناودەبرێن بە "ڕۆڵەکانی خودا " چونکە خودا بەدیهێنانیانی گەڕاندەوە بۆ دۆخی خۆی (ئەیوب ١: ٦ ؛ ڕۆما ٨: ٩- ١٦) . بەڵام گوزارش لە "ڕۆڵەکانی خودا " لە پەیدابوون ٦: ٢ ئاماژە نیە بۆ فریشتەکان بەڵکو ئاماژەیە بۆ " باوەڕداران" ، وە "کچانی خەڵک " ئاماژەیە بۆ بێباوەڕان . فریشتە "بونەوەرێکی ڕۆحیە " گۆشت وئێسکیان نیە (عیبرانیەکان ١: ١٤ ؛ لۆقا ٢٤: ٣٩) . ئەوان کەسایەتین واتە دەتوانن بیر بکەنەوە و قسە بکەن و بژاردەیان هەبێت لە کاردا . فریشتەکان هاوسەرگیری ناکەن ، چونکە ئەوان نە نێرن و نەمێ (مەرقۆس ١٢: ٢٥) .

٢. ژمارەی فریشتەکان .

زۆرجار خوداوەند بە خوداوەندی سوپاسالار ناو دەبرێ (لە عیبریدا "یەهوە سەبائوت " یان ئیل سەبائوت ؛ ئیشایا ١: ٩) . وشەی "سەربازەکان " یان سوپا ، ئاماژەیە بۆ زۆری بێ شوماری فریشتەکان لە دەوری تەختی خودا ، ئەوان بەشێکن لە تەختی شاهانەی ئاسمانی خودا کە لە ژمارە نایەن (١ پاشایان ٢٢: ١٩ ؛ ئەیوب ١: ٦ ؛ ١٥: ٨ ؛ یەرمیا ٢٣: ١٨، ٢٢) ، وە ستایشی خودا دەکەن و سرود دەڵێنەوە (ئەیوب ٣٨: ٧؛ زەبور ١٤٨: ٢؛ لۆقا ٢: ١٣) ، وە کار بە خواستی خودا دەکەن (زەبور ١٠٣: ٢٠- ٢١) .

خوداوەند سوپای مەزنی هەیە لە فریشتەکان (زەبور ٦٨: ١٧) ئەم دەستەواژەیە لە یۆنانیدا "لگیون" وەك بەتالیۆنێکی سەربازیە کە بریتن لە ٤٠٠٠ تا ٦٠٠٠ سەرباز (مەتا ٢٦: ٥٢- ٥٣ بڕوانە ٢ پاشایان ٦: ١٧)

! وه کاتێ دانیال و یۆحەنا باسی هەزاران هەزار فریشتە دەکەن یان ملیۆنەها ، ئاماژە دەکەن بۆ بێ شوماری فریشتەکان کە لە ژمارە نایەن (دانیال ٧: ١٠ ؛ بینین ٥: ١١) .

٣. توانای فریشتە .

فریشتە خاوەنی سروشتێکی ئەخلاقیە ، وە توانای هەڵبژاردنی هەیە گوێرایەڵ بێت لە خودا یان یاخی بێت (٢پاشایان ٢: ٤) . فریشتە توانای عەقڵیەتی ناوازەی هەیە بەڵام هەموو زانینێك نا ، چونکە فریشتەکان پلانی خودایان نەدەزانی بۆ ڕزگاریی وە کاتی هاتنەوەی دووەمی مەسیح نازانن (٢ساموئیل ١٤: ٧ ؛ ١پەترۆس ١: ١١- ١٢ ؛ مەتا ٢٤: ٣٦) . فریشتەکان سرودی شادی بۆ خودا دەڵێن وستایشی خودا دەکەن وخودا دەپەرستن (ئیشایا ٦: ٣ ؛ عێبرانیەکان ١٢: ٢٢ ؛ بینین ٥: ١١- ١٤) . وە هەندێ فریشتە باڵیان هەیەو دەفڕن (زەبور ١٨: ١٠ ؛ بینین ١٤: ٦) هەروەها بڕوانە حەزقێیل ١: ١٤ ؛ عیبرانیەکان ١: ٧) . (دانیال ٩: ٢١- ٢٣ ؛ ٢پەترۆس ٢: ١١ ؛ بینین ٢٠: ١- ٣ ؛ دانیال ١٠: ١٢- ١٤ ؛ مەتا ١٨: ١٠ ؛ زەبور ١٠٣: ٢٠- ٢١ ؛ مەتا ٦: ١٠) .

٤. دەرکەوتنی فریشتە .

کۆلۆسی ١: ١٦ ؛ لۆقا ١: ١١ ؛ پەیدابوون ١٨: ١ ؛ لۆقا ٢٤: ٤ ؛ کردار ١: ١٠ ؛ دانیال ١٠: ٥- ١١، ١٥ – ١٩ ؛ مەتا ١: ٢٠ ؛ زەکەریا ١: ٨- ١١ ؛ پەیدابوون ١٨: ١- ١٩: ٢٢ ؛ عیبرانیەکان ١٣: ٢ .

٥. جۆرەها فریشتە .

١تیمۆساوس ٥: ٢١ ؛ مەرقۆس ٨: ٣٨ ؛ ٢کۆرنسۆس ١١: ١٤ ؛ عیبرانیەکان ١: ١٤.

بەڵام ئەو فریشتانەی لەگەڵ شەیتان یاخی بوون لە خودا گوناهەیان کرد بەرامبەر بە خودا (بینین ١٢: ٧- ٩ ؛ ٢پەترۆس ٢: ٤ ؛ یەهوزا ١: ٦) فریشتە بەدکارەکان پێکهاتوون لە سوپای شەیتان (مەتا ٢٥: ٤١ ؛ بینین

١٢: ٤، ٩) . وه ئەم فریشتانه درۆزنن (یۆحەنا ٨: ٤٤) ، وه گوناهه دەکەن به بەردەوامی (١یۆحەنا ٣: ٨- ١٠) . وه هەندێ فریشتەی شەیتان ڕۆحی ناوچەیەتی و هەرێمایەتی پەیڕەو دەکەن و کاریگەری دەکەنه سەر تەواوی وڵاتێك دانیال ١٠: ١٢- ١٤ ، ٢٠) .

٦. پلەو ڕیزبەندی و بەشی فریشتەکان .

کاتێ عیسای مەسیح فریشتەی بەدیهێنا ، به شێوەی بینراو بەدیهێنان نەك نەبینراو . (کۆلۆسی ١: ١٦؛ ئەفەسۆس ١: ٢١ ؛ ١پەترۆس ٣: ٢٢) .

أ. کەڕوبەکان .

کەڕوبەکان هێزو شکۆمەندی خودا ڕادەگەیەنن ، له دەوری تەختی پیرۆزی خودا له ئاسمان (زەبور ٩٩: ١؛ حەزقێیل ١٠: ١- ٢٢) هەروەها بڕوانه (زەبور ١٨: ١٠ ؛ پەیدابوون ٣: ٢٤ ؛ دەرچوون ٢٥: ١٨- ٢٢ ؛ ١پاشایان ٦: ٢٧- ٢٩) .

ب. سەرافیمەکان .ئیشایا ٦: ١- ٨ .

ج. سەرۆکەکانی فریشته .

دانیال ١٠: ١٣؛ بینین ١٢: ٧- ٩ .

د. فریشتەی تاك .

دانیال ٩: ٢٠- ٢٣ ؛ لۆقا ١: ١١- ٣٨ ؛ عیبرانیەکان ١؛ ١- ٢ ؛ ١پەترۆس ١: ١٠- ١٢ .

هـ . فریشته کەوتوەکان .

بڕوانه ڕێبەری ڕینماییەکانی ٨ ، پاشکۆی ١ ، شەیتان له سەرەتادا کەڕوبێکی پاسەوان بوو (حەزقێیل ٢٨: ١٥- ١٧؛ بینین ١٢: ٤ ؛ بینین ١٢: ٨ ؛ ،هتا ١٢: ٢٨ ، ٤٣- ٤٥) .

هەروەها بڕوانه (گەڵاتیه ١: ٨ ؛ ١کۆرنسۆس ٨: ٤- ٥ ؛ ١کۆرنسۆس ١٠: ٢٠) .

٧. خزمەتی فریشتەکان .

دانیال ٧: ٩- ١٠ ؛ بینین ٥: ١١- ١٤ ؛ زەبور ١٠٣: ٢٠- ٢١ ؛ مەتا ٦: ١٠) .

أ. خزمەتی ئاسایی فریشتەکان .

عیبرانیەکان ٢: ٥ ؛ دواوتار ٣٢: ٨ ؛ دانیال ١٠: ١٢- ١٤ ، ٢٠ ؛ دانیال ١٠: ٢١؛ ١٢: ١؛ ئەفەسۆس ٦: ١٢ ؛ ئەیوب ١: ٦) .

ب. خزمەتی نائاسایی فریشتەکان .

عیبرانیەکان ١: ١٤ ؛ مەتا ٢٨: ١- ٧ ؛ کردار ١: ٩- ١١ ؛ مەتا ٢٤: ٣٠- ٣١) .

ب. فریشتەو عیسای مەسیح

١. فریشتەی خوداوەند کێ یە ؟

لە هەندێ بەشی کتێبی پیرۆزدا فریشتەی خوداوەندو فریشتەی یەهوە یەکسانەو هەمان فریشتەیە بەڵام لە هەندێ بەشی دیکەدا دەبینین جیاوازە .

أ. فریشتەی خوداوەند ڕاگەیەنەری خوداوەندە .

(دەرچوون ٣: ٢- ١٥ ؛ دەرچوون ٣: ٦ ؛ یۆحەنا ١: ١٨ ؛ یۆحەنا ١٧: ٦) .

ب. فریشتەی خوداوەند ئامادەگی خوداوەندە .

دەرچوون ٢٣: ٢٠- ٢٣ ؛ دەرچوون ٣٣: ٢، ١٤ ؛ مەتا ١: ٢٣ ؛ مەرقۆس ٢: ٥- ٧ . عەمانۆئیل واتە خودا لەگەڵمانە .

ج. فریشتەی خوداوەند پارێزەر و ئازادکەرەو هەروەها نێردراوە لەلایەن خوداوەندەوە .

زەبور ٣٤: ٧ ؛ ٣٥: ٤- ٧ ؛ یۆحەنا ١٠: ٩- ١٠ .

د. فریشتەی خوداوەند نێردراوی لەناوبەرە لەلایەن خوداوەندەوە .

١ پوختەی مێژوو ٢١: ١٥- ١٩ ، ٢٧ ؛ بینین ١٩: ١١- ١٦ .

هـ . فریشتەی خوداوەند نێوەندگیرە لە نێوان خوداوەندو خزمەتکارانیدا .

زەکەریا ١: ٨- ١١ ؛ ١تیمۆساوس ٢: ٥ .

و. فریشتەی خوداوەند داکۆکیکارە لەپێناوی خەڵکی تر لەبەردەم خودا .

زەکەریا ١: ١٢- ١٣ .

ز. فریشتەی خوداوەند ئەو پارێزەرەیە کە بەناوی خوداوەندەوە بەرگری لە خەڵکی تر دەکات .

زەکەریا ٣: ١- ٧ ؛ ١یۆحەنا ٢: ١- ٢ .

ح . فریشتەی خوداوەند نێوەندگیری پەیمانە .

مەلاخی ٣: ١- ٥ .

ط. دەرئەنجام .

کۆلۆسی ١: ١٥ ؛ پەیدابوون ١٦: ٧- ١٤ ؛ ٢٢: ١١- ١٨ ؛ ٣١: ١١- ١٣ .

٢. بەراوردکردنی فریشتە بە عیسای مەسیح .

عیبرانیەکان ١- ٢ بەراوردی خوداوەند دەکات بە فریشتە .

عیبرانیەکان ١: ١١- ٣ ؛ مەتا ٢٢: ٣٣- ٤٤ ؛ لۆقا ٢: ٣٤ ؛ عیبرانیەکان ١: ١- ٢ ؛ کردار ٣: ٢١- ٢٦ .

أ. ناوەندی عیساو ناوەکەی مەزنترە لە ناوەندو ناوی فریشتە .

عیبرانیەکان ١: ٤- ١٤ ؛ عیبرانیەکان ١: ٢ ؛ ٢: ٢- ٥ ؛ ١٣: ٩ ؛ کۆلۆسی ٢: ١٨ .

ب. فریشتە عیسای مەسیح دەپەرستێ وکڕنوشی بۆ دەبات .

عیبرانیەکان ١: ٦ ؛ عیبرانیەکان ٢: ٥ ؛ ئەفەسۆس ١: ٢٠- ٢١ ؛ ١پەترۆس ٣: ٢٢ ؛ بینین ٥: ٦- ١٤ .

ج. فریشتە خزمەتی عیسای مەسیح دەکات .

عیبرانیەکان ١: ٧- ٨ ؛ دانیال ٧: ١٠ ؛ لۆقا ١: ١٩ ؛ بینین ٨: ٢ .

د. فریشتە نێوەندگیر بوو بۆ پێدانی شەریعەت بەلام عیسای مەسیح نێوەندگیرە بۆ پێدانی مزگێنی ئینجیل .

عیبرانیەکان ٢: ١- ٤ ؛ دواوتار ٣٣: ٢؛ کردار ٧: ٥٣ ؛ گەڵاتیە ٣: ١٩. عیسای مەسیح مزگێنی ئینجیلی پەیمانی نوێی گەیاند .

هـ . فریشتەکان جیهانی کۆنیان بەڕێوە دەبرد بەڵام عیسای مەسیح جیهانی نوێ بەڕێوە دەبات .

عیبرانیەکان ٢: ٥ ؛ کردار ٣: ٢١ ؛ عیبرانیەکان ٨: ٥- ٨ ، ١٣؛ ١٠: ١ .

و. عیسای مەسیح فریشتە کەوتوەکانی لاواز کرد و هات تاکو خەڵکی ڕزگار بکات بەڵام فریشتە ناتوانێ کەس ڕزگار بکات .

عیبرانیەکان ٢: ٧ ؛ ٢: ١٤- ١٦ ؛ ڕۆما ٨: ٣٨- ٣٩ .

٣. فریشتە لە ژیانی عیسای مەسیح دا .

أ . فریشتە هاتنی خوداوەند عیسای مەسیحی ڕاگەیاند .

لە ساڵی ٥٣٩ پ.ز . جوبرائیلی فریشتە هاتنی عیسای مەسیحی بۆ دانیال ڕاگەیاند (دانیال ٩: ٢٤- ٢٧) وە دواتر بۆ مەلاخی کە کێ ڕێگاکەی بۆ ئامادە دەکات "یەحیای لەئاو هەڵکێش" لۆقا ١: ٥- ٢٥ ؛ مەلاخی ٣: ١ .

وە بۆ مریەمی پاکیزە (لۆقا ١: ٢٦- ٣٨) . وە بۆ یوسف لە ڕیگەی خەو (مەتا ١: ١٨- ٢٥) .

ب. کاری فریشتە لەماوەی بەرجەستەبوونی عیسای مەسیح لەسەر زەوی.

لۆقا ٢ ؛ مەتا ٢ ؛ مەتا ٤ : ١١ ؛ لۆقا ٢٢: ٤٣- ٤٤ ؛ مەتا ٢٦: ٥٢- ٥٦ .

ج. کاری فریشتە لەکاتی شکۆداربوونی عیسای مەسیح لە ئاسمان .

فریشتە ئامادە بوون لە کاتی هەستانەوەی عیسای مەسیح (مەتا ٢٨: ١- ٧ ؛ مەرقۆس ١٦: ١- ٨ ؛ لۆقا ٢٤: ١- ٨ ؛ یۆحەنا ٢٠: ١٠- ١٣؛ لۆقا ٢٤: ٥- ٦ ؛ بینین ٥: ١- ١٤) .

هەروەها بروانە ١پەترۆس ٣: ٢٢ ؛ ئەفەسۆس ١: ٢٢ ؛ عیبرانیەکان ٢: ٥ .

د. کاری فریشتە لە ڕووداوی هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح دا .

مەتا ٢٤: ٣٠- ٣١ ؛ ٢٥: ٣١- ٣١ ؛ مەتا ١٣: ٢٤- ٤٣ ؛ ٢سالۆنیکی ١: ٧- ١٠ ؛ لۆقا ١٢: ٨- ٩ ؛ مەتا ١٦: ٢٧ .

ج. فریشتەو باوەڕداران .

١. فریشتەکان چاودێری باوەڕداران دەکەن .

عیبرانیەکان ١: ١- ٢ ؛ ١پەترۆس ١: ١٠- ١٢ ؛ ئەفسۆس ٣: ١٠ ؛ ١پەترۆس ١: ١٢ ؛ لۆقا ١٥: ١٠ ؛ ١تیمۆساوس ٥: ٢١ ؛ ١کۆرنسۆس ٤: ٩ ؛ مەتا ٢٦: ٥٢- ٥٣ ؛ ١کۆرنسۆس ١١: ١٠ ؛ پەیدابوون ٢: ١٨ ؛ ١کۆرنسۆس ١١: ٢، ٧، ٩ ؛ ئەفسۆس ٥: ٢٢- ٢٥ ؛ کۆلۆسی ٣: ١٩- ١٩ ؛ ١کۆرنسۆس ١٤: ٣٣- ٣٨ ؛ ١تیمۆساوس ٢: ١١- ١٤ ؛ ٣: ٢ .

٢. فریشتە دەدوێ بۆ باوەڕداران .

دانیال ٨: ١٥- ١٩ ؛ ٩: ٢٠- ٢٣ ؛ مەتا ٢: ١٣- ١٩ ؛ کردار ٥: ١٧- ٢٠ ؛ کردار ٨: ٢٦ ؛ کردار ١٢: ٧ .

٣. فریشتە هاوکارن بۆ ڕاگەیاندنی مزگێنی ئینجیل .

کردار ٥: ١٧- ٢٠ .

فریشتەکان مزگێنی ئینجیل ڕاناگەیەنن بەڵام خودا بەکاریان دەهێنێ بۆ ئەوەی لە ڕێگەی باوەڕدارانەوە ئەو کارە ئەنجام بدەن . کردار ٥: ١٧- ٢٠ . هەروەها بڕوانە کردار ٨: ٢٦ ؛ کردار ١٠: ١- ٨ ، ٢٢ ، ٣٠- ٣٣ ؛ کردار ١٢: ٥- ١١ ؛ کردار ٢٧: ٢٢- ٢٥ .

٤. فریشتەکان کاردەکەن لەپێناوی باوەڕداران .

أ. فریشتەکان گەلی خودا دەپارێزن .

زەبور ٣٤: ٧؛ ٩١: ١، ١١- ١٢ ؛ ٢پاشایان ٦: ١٤- ١٧ ؛ دانیال ٦: ٢٢- ٢٣ ؛ مەتا ١٨: ١٠ ؛ ١پەترۆس ١: ١٢ ؛ بینین ٧: ١- ٤ بینین ٢٢: ٣ ؛ حەزقێیل ٩: ٣- ٦ ؛ بینین ٩: ٤ .

ب. فریشتەکان گەلی خودا دەرباز دەکەن .

کردار ٥: ١٧- ٢٠ ؛ کردار ١٢: ٥- ١١ .

ج. فریشتەکان پێویستیە سەرەکیەکانی گەلی خودا دابین دەکەن .

١پاشایان ١٩: ١- ١٩ .

د. فریشتەکان ڕێنمایی گەلی خودا دەکەن وبەڕێوەیان دەبەن .

پەیدابوون ٢٤: ٧، ٤٠ .

هـ . فریشتەکان گەلی خودا بەهێز دەکەن لە نێو تاقیکردنەوەو ناخۆشیەکانیاندا .

لۆقا ٢٢: ٤٠- ٤٤ ؛ کردار ٢٧: ٢١- ٢٦ ؛ لۆقا ١٦: ٢٢ .

و. فریشتەکان بۆ گەلی خوداو لەپێناویاندا دەجەنگن .

دانیال ١٠: ١٢- ١٤ ؛ ٢٠: ٢١ ؛ ڕۆما ٨: ٣٧- ٣٩ ؛ بینین ١٧: ١٤ .

د. فریشتەکان وبێباوەڕان .

فریشتەکان بە درێژایی مێژوو فەرمانەکانی خودا جێبەجێ دەکەن وە چاودێری خودایی بۆ باوەڕداران و بێباوەڕان لەسەر زەوی پەیڕەو دەکەن . ئەوان ئامرازێکی بەردەستی خودان کاتێ باوەڕدارانی پێ دەرباز دەکات ، هەروەها ئەوان ئامرازێکی بەر دەستی خودان بۆ حوکمدانی نەتەوە یاخیەکان ، وە لە کۆتایی مێژوودا کاتێ عیسای مەسیح دەگەڕیتەوە بۆ زەوی فریشتەکان حوکمی خودای کۆتایی جێبەجێ دەکەن بەسەر ئەوانەدا کە خۆشەویستی و ڕزگاریەکەی عیسای مەسیحیان ڕەتکردۆتەوە .

١. فریشتەکانی خوداوەند داودی پاشایان ئیدانە کرد (تاوانبارکرد) .

فریشتەی خودا سزای داودی دو چونکە لە خودا یاخی بوو (١پوختەی مێژوو ٢١: ١٤- ٣٠) .

٢. فریشتەی خوداوەند حوکمی دا بەسەر تەواوی سوپایەکی دوژمندا .

فریشتەکانی خوداوەند لە یەك شەودا ١٨٥ هەزار سەربازی سوپای ئاشوریەکانی کوشت چونکە فەرماندەکەیان سوکایەتی بە خودای زیندوو کرد (٢پاشایان ١٩: ٩- ١٩) .

٣. فریشتەی خوداوەند حوکمی دا بەسەر شەیتانداو بەستیەوە .

بینین ٢٠: ١- ٣ ؛ مەتا ١٢: ٢٩- ٣٠ ؛ ٢٤: ١٤ ؛ یۆحەنا ٣١- ٣٢ !

٤. فریشتەی خوداوەند فەرماندەیەکی سیاسی ئیدانە کرد .

کردار ١٢: ١- ٢ ؛ کردار ١٢: ٣- ١٨ ؛ کردار ١٢: ١٩- ٢٤ ئەوەبوو هیرۆدس دوای ئەو هەموو لوتبەرزی و ئازاردانی خزمەتکارەکانی مەسیح و کوشتنیان ، کرم لێیدا تا مرد . ئەوەش وانەیەکە بۆ ڕابەرە سیاسیەکانی ئەمڕۆ ئەوانەی باوەڕداران دەچەوسێننەوە لە وڵاتەکانیاندا ولوتبەرزی دەکەن وخۆیان بە گەورە دەزانن دەبێت پەندی لێوەربگرن .

٥. فریشتەی خوداوەند ئیدانەی خراپەکاریەکانی ئەمڕۆی سەر زەوی دەکات .

بینین ٨: ٣- ٥ .

٦. فریشتەی خوداوەند حوکمدانە هۆشداریەکان جێبەجێ دەکات بە درێژایی مێژوو .

لە ڕێگەی کارەساتە سروشتیەکانەوە (بینین ٧: ١؛ ٦: ١٣ ؛ بڕوانە حەزقێیل ١٤: ٢١ ؛ بینین ٩: ١- ١٢ ؛ بینین ٩: ١٣- ١٩ ؛ بینین ٩: ٢٠- ٢١ ؛ دەرچوون ٢٠: ١- ١٧) .

٧. فریشتەی خوداوەند حوکمدانی کۆتایی خودا جێبەجێ دەکات لە کۆتایی مێژوودا .

فریشتە حوکمدانی کۆتایی خودا جێبەجێ دەکات لە کۆتایی مێژوو (بینین ٩: ١٥ ، ١٨ ؛ ١٥: ١؛ ١٦: ١- ٢١ ؛ ١٩: ١٧- ١٨) . وە لە هاتنەوەی دووەمی مەسیح فریشتەکان هەڵبژێردراوەکانی خودا کۆدەکەنەوە واتە هەموو باوەڕدارانی مەسیح ، بۆ پێشوازی کردن چاوپێکەوتنی خوداوەند عیسای مەسیح لە هەوردا ، ئیدی بەمەش سەرسام دەبن (مەتا ٣: ١٢ ؛ ٢٤: ٤٠ ، ٤١ ؛ ١سالۆنیکی ٤: ١٣- ١٧ ؛ ٢سالۆنیکی ١: ١٠) .

وە دواتر لە ڕۆژی کۆتاییدا (مەتا ٢٥: ٣١- ٣٣ ؛ یۆحەنا ٥: ٢٨- ٢٩ ؛ کردار ٢٤: ١٥) . ئینجا فریشتەکان بێباوەڕان و خراپەکاران دەردەکەن لەبەردەم تەختی حوکمدانی مەسیح (مەتا ٣: ١٢ ؛ ٢٤: ٤٠، ٤١) . هەرچەندە باوەڕداران تاوانبار ناکرێن (یۆحەنا ٥: ٢٤ ؛ ١٠: ٢٨؛ ڕۆما ٨: ١) ، بەڵام هەڵسەنگاندن و لێپرسینەوە بۆ کارەکانیان دەکرێ (مەتا ٢٥: ٣٤- ٤٠ ؛ ١کۆرنسۆس ١٥: ١٢- ١٥) ، بەڵام بێباوەڕان دادگایی دەکرێن و تاوانبار دەکرێن . وە بێباوەڕان بە خۆیان وکارەکانیانەوە فڕێ دەدرێنە نێو ئاگری دۆزەخەوە ئەو شوێنەی ئامادەکراوە بۆ ئیبلیس وفریشتەکانی . لەوێدا شیوەن و گریان دەکەن تاهەتایە (٢سالۆنیکی ١: ٦- ٩ ؛ مەتا ٣: ١٢ ؛ ١٣: ٣٦- ٤٣ ؛ ٢٥: ٤١- ٤٦ ؛ بینین ٢٠: ١١- ١٥) .